هەر کەسێک گوێی لە بانگ بوو، و وەڵامی بانگی نەدایەوە (نەهات بۆ نوێژی جەماعەت)؛ ئەوا نوێژەکەی کامڵ نییە، مەگەر بیانوویەکی شەرعی هەبێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر کەسێک گوێی لە بانگ بوو، و وەڵامی بانگی نەدایەوە (نەهات بۆ نوێژی جەماعەت)؛ ئەوا نوێژەکەی کامڵ نییە (کەموکورتی تێدایە)، مەگەر بیانوویەکی شەرعی هەبێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بانگەوازی دەکات بۆ گرنگیدان بە نوێژی جەماعەت بە ئەوپەڕی گرنگیدانەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە هەرکەسێک لە هەرشوێنێک بوو کە گوێی لە بانگ بێت، ئەوا دەبێت ئامادەی نوێژی جەماعەت (نوێژی بە کۆمەڵ) بێت لە مزگەوتدا، وئەگەر ئامادەی نوێژی جەماعەت نەبێت ئەوا نوێژەکەی کەموکورتی تێدا دەبێت وپاداشتی کەم دەبێت، وبەڵام فەرزەکەی لەسەر لادەچێت، وگوناهبار دەبێت بەهۆی دواکەوتن لە نوێژی جەماعەت بە بێ هیچ بیانوو وعوزرێکەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک عوزرێکی شەرعی هەبێت وەکو نەخۆشی وباران وترس لەسەر نەفس وماڵ وخێزان ومنداڵ وجگە لە ئەمانە؛ ئەوا گوناهبار نابێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11288